گەشبین تاهیر یاریزانی فوتساڵی پێشووی یانەی ئافرۆدێت:

# پێویستە چاکسازی وەرزش و تەواوی سێکتەرەکان بگرێتەوە



قەزا و ناحیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانان لە یارییە وەرزشییەکان، کە چاوەڕوانی دوارۆژێکی گەشیان لێ دەکرێت، یانەکانی کوردستانیش بەردەوام دەرگایان بۆ یاریزانان لە سەر پشت بووە بۆ خزمەتکردنیان، تیپی فوتساڵی یانەی ئافرۆدێتی سلێمانییش یەکێکە لەو تیپانەی کە خزمەتی زۆری یاریزانانی کچ دەکات لە سنووری پارێزگای سلێمانی. گەشبین تاهیر یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پێشووی یانەی ئافرۆدێت و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی قەرەداغە و قوتابیی کۆلێژی ئادابە لە بەشی جوگرافیا، ئەمساڵیش لەگەڵ هیچ یانەیەك گرێبەستی نەکردووە و دەیەوێت لە داهاتوو بۆ یەکێك لە یانەکانی کوردستان یاری بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** گرنگیدان بە یاریی فوتساڵی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- لە ساڵانی پێشووتر زۆر گرنگی پێ نەدراوە، بەڵام لەم دواییانەدا گرنگیی زۆری پێدراوە و لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودایە، تا رادەیەك یانەکانیش لەم شێوازەی رازین.

*** ئەنجامدانی یەك پاڵەوانێتی وەکو خول بۆ ئێوە تا چەند گرنگە؟**

- ئەم شێوازە خولە بۆ یانەکان باشە و هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونیان و ئاستی یاریزانان و یانەکانیش زیاتر بەرز دەبێتەوە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە و قۆناغی باشتر ببڕێت؟**

-پێویستە یاریزانانی یاریی فوتساڵ زیاتر گرنگییان پێ بدرێت لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، خێزانەکانیش رێگری نەکەن لە رۆڵەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی کاریگەری خۆیان لە ناو گۆڕەپانەکان ببینن.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

- لە رووی نەبوونی یاریگا و مووچە گرفت هەیە و ئەوانە بۆ یاریزانان هەمووی گرفتە، زۆربەی یانەکان مووچەیان نییە، ئەمەش گرفتە لە بەردەم فوتساڵ.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- بۆ ئەمساڵ من لە سەرەتاوە لەبەر کارکردن و خوێندن نەمتوانی لەگەڵ یانەکەم بەردەوام بم، بەڵام بەرنامەی خۆم هەیە بتوانم ئاستی خۆم بە شێوازێکی باشتر بەرز بکەمەوە.

***زۆرجار یانەکان پەنا بۆ یاریزانانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبەن، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی یاریزانی دەرەوە بێتە پێش؟**

-نەخێر، لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە خۆمان لە کوردستان یاریزان و راهێنەری زۆر بەتوانامان هەیە، بۆیە پێویست ناکات پشت بە تواناکانی یاریزانان و راهێنەری بیانی ببەستین، ئەو گرنگییەی کە بە یاریزانی دەرەوە دەدرێت بە یاریزانی کورد بدرێت ئاستی زۆر باشتر پێشکەش دەکەن.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە چاکسازی لە وەرزش بکرێ؟**






-بەڵێ پێویستە چاکسازی سێکتەری وەرزش و تەواوی سێکتەرەکان بگرێتەوە، چونکە وەرزش بەشێکە لە ژیان و پێویستە زیاتر خزمەت بکرێ.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاری من بۆ بەرپرس و لایەنەکان ئەوەیە کە ئاورێك لە وەرزش بدرێتەوە، چۆن گرنگی بە وەرزشی کوڕان دەدرێت، بە هەمان شێوە پشتگیری و یارمەتیی خۆیان پێشکەش بە وەرزشی کچانیش بکەن.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە ببمە یاریزانێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی هانی هەموو کچان بدەم کە حەز بە وەرزش بکەن و بێنە ناو دونیای وەرزش.

***بە ئاستی چ یاریزانێکی نێودەوڵەتی سەرسامی؟**

-کریستانۆ رۆنالدۆ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەرچاوەی بە وەرزشی ناوخۆ دەیکات، بەهیوای ئەوەشم لە کوردستان زیاتر گرنگی بە یاریزانانی فوتساڵ بدرێت.

## ڕۆنالدینیۆ بووە ملیۆنێر

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لە ئیسپانیا ئاشکرایان کرد، سەرەڕای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەستگیرکردنی، بەڵام ڕۆناڵدینیۆی ئەستێرەی پێشووی بەڕازیلی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ملیۆنێك دۆلاری کۆکردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ڕۆناڵدینیۆ لە ڕووداو و پێشهات چڕوپڕ بوو، سەرەتا لە پاراگوای بە هۆی بەکارهێنانی پاسەپۆرتی ساختەوە دەستگیرکرا، کە ئازاد کرا دووچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەی ئێل پاییسی ئیسپانی ئاشکرای کردووە، ڕۆناڵدینیۆ و ڕۆبێرتۆی برای، کە بەڕێوەبەری کارەکانیەتی لە هەفتەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ٧٨٨ هەزار دۆلاریان کۆکردووەتەوە.

ئەستێرەکەی پێشووی بەڕازیل لە لایەن یانەی پێشووی ئەتلەتیکۆ مینیێرۆی بەڕازیلی وەکو باڵیۆز دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی بە یاریگە نوێیەکەی یانەکە بناسێنێت، هەروەها لەلایەن بەرپرسانی شاری بیلۆ هۆریزۆنتی وەك هاووڵاتیی شەرەف دیاریی کرا، ئەو کارانەشی لەژێر ئەو ناوەدا ئەنجامیدا داهاتێکی زۆریان هەبوو.

هەروەها ڕۆناڵدینیۆ لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی بەڕازیلی بەشداری لە ڤیدیۆ کلیپێکدا کرد، جگە لەوە براندێکی دروستکردنی مەی لەژێر ناوی ئەودا ڕاگەیاندرا، دواتریش بووە ئایکۆنی ریکلامی یاریی ڤیدیۆیی بەناوبانگی فیفا، کە ئەمانە هەمووی داهاتی بۆ ڕۆناڵدینیۆ دەست خستووە.

ڕۆناڵدینیۆی تەمەن ٤٠ ساڵە هەر لە ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن سەرۆکی بەڕازیل بۆلسۆنارۆ پێشوازی کرا و بە باڵیۆزی گەشتیاری وڵاتەکەی دەستنیشان کرا، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەم بابەتە وای کرد ڕۆناڵدینیۆ لە لایەن حکوومەتی پاراگوایەوە ئاسانتر ئازاد بکرێت.

ڕۆژنامەی ئێل پاییس دواجار ئاشکرای کردووە، ڕۆناڵدینیۆ خۆی ئامادە کردووە ئەمساڵ فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ژیان و کاروانی وەرزشیی خۆی بڵاوبکاتەوە.



## ئالابا
## لە خولی ئیسپانیا نزیکە

تۆڕی دیڤێنسا سێنترالی ئیسپانی، کە لە ڕیال مەدرید نزیکە ڕایگەیاند داڤید ئالابای نەمسایی یاریزانی یانەی بایرن میونیخ چەندین گرێبەستی لە یانەکانی خولی ئینگلیزی بۆ هاتووە، بە تایبەتی لە یانەی لیڤەرپوولەوە، بەڵام ئەو ڕیال مەدریدی هەڵبژاردووە.

سەرچاوەکە دەڵێت، ئالابا بە گرێبەستی ڕیال مەدرید ڕازی بووە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵە و بۆ هەر ساڵێك ١٠ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

ئالابای یاریزانی بایرن میونیخ، لە هاوینی ئەمساڵدا گرێبەستی لەگەڵ یانەکەی تەواو دەبێت و یانەکە جێدەهێڵێت.

بە گوێرەی سەرچاوەکە ئالابا خۆی ئارەزووی یاریکردنی بۆ ڕیال مەدرید هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ بە گرێبەستی ڕیال مەدرید ڕازی بووە.





# ڕۆژنامەی لیکیپ پێکهاتەی ساڵی ٢٠٢٠ خۆی دەستنیشانکرد

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی پێکهاتەی نموونەیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکردەوە و هەریەکە لە لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و محەمەد سەلاح لە پێکهاتەکەدا بوونیان نییە.

ڕۆژنامەی لیکیپ بۆ ساڵی٢٠٢٠ پێکهاتەی نموونەیی بڵاوکردەوە و یاریزانانی بایرن میونیخ، کە لە وەرزێکدا پێنج نازناویان بردەوە کۆنترۆڵی پێکهاتەکەیان کردووە و پێنج یاریزانیان لە پێکهاتەی نمونەیی دەبینرێن.

لە پێکهاتەکەدا یانەی لیڤەرپوول بە سێ یاریزان بەشداری کردووە دوای ئەوەی ئەم یانەیە دوای سی ساڵ بۆ یەکەمجار نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بردەوە، بەڵام هەریەکە لە محەمەد سەلاح و سادیۆ مانێ لە پێکهاتەکەدا نین.

نێیمار ناوی لە پێکهاتەکە هەیە، بەڵام هەریەکە لە مێسی و کریستیانۆ لە پێکهاتەی نمونەیی ڕۆژنامەی لیکیپ دانەنراون.

پێکهاتەکە بەمشێوەیە:

گۆڵپارێز: مانوێل نویەر

بەرگریکار: ئالێکساندەر ئارنۆڵد، ڤان دایك، رامۆس، ئالفۆنسۆ دێڤیس

ناوەراست: نێیمار، تیاگۆ ئالکانتارا، جۆشوا کیمیچ، کیڤن دی برۆین

هێرشبەر: کەریم بێنزێما، لیڤاندۆڤسکی.


# باشترینی ئاسیا دەستنیشانکرا

سۆن هیونگ مین یاریزانی کۆریای باشوور و یانەی تۆتنهام وەکو باشترین یاریزانی ئاسیا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ دەستنیشانکرا و خەڵاتی تۆپی زێڕینی لەلایەن کەناڵی فۆکس سپۆرت و ڕۆژنامەی تیتان سپۆرتی ئاسیای پێبەخشرا.

ساڵانە ٣٧ ڕۆژنامەنووسی ئاسیا و ١٤ ڕۆژنامەنووسی بیانی دەنگ بۆ باشترین یاریزانی ساڵ لە ئاسیا دەدەن و بۆ ساڵی رابردووش ئەستێرەکەی تۆتنهام گرەوەی بردەوە و پێش رکابەرەکانی کەوتەوە.

لە پلەی دووەمی باشترین یاریزانانی ئاسیا سەردار ئەزموونی ئێرانی هات، کە لە خولی رووسیا یاری دەکات و لە پلەی سێیەم جۆنیۆر نێگراو و لە پلەی چوارەمیش ئەندریاس ئینییێستا ناوی هات، کە لە خولی ژاپۆنی یاری دەکات.

بەشار ڕەسەن یاریزانی عێراقی پێشووی یانەی پێرسپۆلیس، کە ئێستا لە خولی قەتەری یاری دەکات لە ریزبەندی دوازدەیەمینی باشترینی ئاسیا هات.





# عەلی کاکەمینە: لە پێناو دەربەندیخاندا زۆر گرێبەستم ڕەت کردەوە



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی دەربەندیخان ئەم وەرزە بە پێکهاتە و ستافێکی ڕاهێنەرانی جیاواز دەستی بە ئامادەکارییەکان کرد، بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بەئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یەکێك لە باشترین هێرشبەر و گۆڵکارە بەتواناکانی کوردستانی هێنایە ریزی تیپەکەی، عەلی کاکەمینە کە پێشتر هێرشبەری یانەی شێروانەی کەلار بوو، لە چوار گەڕی رابردووی خولەکەدا ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی دەربەندیخان پێشکەش کردووە، هەر چەندە ئەم وەرزە چەندین یانە داوای گرێبەستیان لەم گۆڵکارە کردووە، بەڵام ناوبراو لە پێناو یاریکردن بۆ دەربەندیخان سەرجەم گرێبەستەکانی رەت کردۆتەوە، لەم بارەشەوە عەلی کاکەمینە هێرشبەری یانەی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو یانەی دەربەندیخان ئەمساڵ ئارەزووی ئەوەمان هەیە کە ببینە پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لەم چوار گەڕەی یارییەکان هەموو شتەکان بە باشی بەرێوە چووە، وەکو یاریزانانیش پێش هەموو شتێك هیوای ئەوەمان هەیە کە نازناو ببەینەوە بۆ شاری دەربەندیخانی خۆشەویست، دواتریش هەوڵی بوون بە گۆڵکاری خولی کوردستان دەدەم»، لە بارەی گرفتی تیپەکەش عەلی کاکەمینە گوتیشی: « سوپاس بۆ خوای گەورە تاکو ئێستا هیچ گرفتێکمان نییە، من پێش حەوت ساڵ بۆ هەڵبژاردەی دەربەندیخان یاریم کردووە و حەزم کردووە یارمەتی ئەو تیپە بدەم بۆیە هاتوومەتە یانەکە، لە ئێستتاشدا گرێبەستی ژمارەیەکی زۆری یانەکانی خولی کوردستان و عێراقم رەت کردۆتەوە، لە پێناو یاریکردن بۆ یانەی دەربەندیخان، ئەمساڵیش هەرچی لە تواناماندا بێت درێخی ناکەین بۆ سەرخستنی یانەی دەربەندیخان، بۆ قۆناخەکانی دیکەش دەمانەوێ ئەو تیپە لە لوتکەدا بێت، بە هیمەتی هەموو لایەك ئەوەی پێمان بکرێ ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامی شایستەمان هەبێت، تا هەنگاو بە هەنگاو ئاستی راستەقینەی خۆمان پێشکەش بکەین.

# کاوە حەسۆ یارمەتی وەرزشی رۆژئاوا دەدات

کاوە حەسۆی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزەش بۆ دوو ساڵ لە سەر یەك بۆتیپی( Viteesa) فێستای پلە دووی خولی هۆڵەندی یاری دەکات، کاوە ئەم وەرزەش دەیەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە درێژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات، هەرچەندە ئەم وەرزەش چەندین گرێبەستی لە ریزی یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولەکانی هۆڵەندی پێگەیشتووە، بەڵام ئەو مانەوەی لەگەڵ ئەو یانەیە راگەیاند، کاوە دەیەوێت وەکو کوردێکی رۆژئاوا لە رێگەی وەرزشەوە چەندین هاوکاری بۆ وەرزشکارانی رۆژئاوا بنێرێت، لەم بارەشەوە کاوە حەسۆی گۆڵپارێزی یانەی فێستای هۆڵەندی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی فێستای هۆڵەندی درێژکردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لەگەڵ ئەو یانەیە، لەلایەن هەریەك لە یانەکانی(HBS) پلە دوو (Lion daas) گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام گرێبەستەکانم رەتکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەکەی خۆم بەردەوام بم، دەمەوێ لە رێگای وەرزشیشەوە هاوکاری بۆ رۆژئاوا بنێرم، و پێشتریش ناردوومە، ئەمساڵ بۆ کچانی عامودا کە کە بوونە پاڵەوانی خولی سووریا توانیمان سەربازگەیەکی مەشقیان بۆ بکەینەوە لە هۆڵەندا، هەوڵ دەدەم بڕوانامەیەکی راهێنەری بەدەست بهێنم بۆ مەشقدانەوە و بڕوانامەی ئێستاش جۆری (C)م بەدەست هێناوە، بۆیە هەوڵ بۆ بڕوانامەی بەرز دەدەم، لە بەرنامەم داهەیە لە داهاتوودا هەر یانەیەك داوام بکات دەمەوێت پاڵپشتییان بکەم، بۆ کوردستانیش ئامادەم، بەڵام دەمەوێ وەکو راهێنەرێکی بەئەزموون و پڕ زانیاری بگەرێمەوە کوردستان.



# کچە یاریزانێکی کورد لە هەڵەبجەی شەهیدەوە دەچێتە بەغدا



لەگەڵ نزیك بوونەوەی یارییەکانی خولی فوتساڵی یانەکانی عێراقی بۆ ئاستی کچان، تیپەکانی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پەنا بۆ مۆرکردنی گرێبەست دەبەن لەگەڵ یاریزانانی یانەکانی کوردستان، یانەی زەورای شاری بەغدا ئەمساڵ دەیەوێت ئاست و ئەنجامێکی گەورەی لە خولی نایابی فوتساڵی عێراقی هەبێت، بۆیە لە یەکەم هەنگاودا گرێبەستی لەگەڵ کچە یاریزانی کوردی شاری هەڵەبجەی شەهید (بێریڤان جەلال) مۆر دەکات، لەبارەی چوونی ئەم یاریزانەش بۆ ریزی یانەی زەورا، لەم بارەشەوە بێریڤان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دووساڵ لەسەر یەك من بۆ یانەی بیلادی بەغدا یاریم کردووە و ئەنجامی باش و شایستەم لەگەڵ ئەو یانەیە هەبووە، بۆیە یانەکانی دیکە چاویان لەسەرمان بوو، بەر لە دەستپێکی خولی کوردستان ئەو یانەیە پەیوەندی پێوە کردم بۆ یاریکردن لەخولی عێراقی، ئێمە لەگەڵ یانەی چۆمان لە خولی کوردستان هیوایەکی گەورەمان هەیە و رکابەری لەسەر نازناوی خولەکە دەکەین، وەکو یاریزانێکی کوردیش، بۆ من مێژوویەکی جوان دەبێ کە یاری بۆ یانەیەکی گەورەی عێراقی دەکەم و دەبێتە شانازی کە بتوانم مێژوویەکی جوان بۆ خۆم بنووسمەوە، وەکو تاکە یاریزانی کورد لەگەڵ یانەی زەورا بۆ ماوەی یەك هەفتە لە شاری دهۆك بەشداریی کەمپێکی مەشقیشم کرد، لەگەڵ ئەو یانەیەش بەردەوام لەمەشقدا دەبم بۆ خولی عێراقی، بۆ منیش ئامادەکارییە بۆ هەردوو خولی عێراقی و کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنم»، بێریڤان جەلال لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: چەندین یانەی دیکەی عێراقی داوای گرێبەستیان لێ کردووم، بەڵام من زەورام پێ باشتر بوو، بۆ ئەوەی بتوانم مێژوویەکی تازە لەگەڵیان بنووسمەوە.